# بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی/ بەشی دایەنگەکان

## ڕێبەری دایکانو باوکانی منداڵانی دایەنگە حکومیو ناحکومییەکان

دایکو باوکی بەڕێز؛ بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی دایەنگەو خزمەتکردنی منداڵەکانتان بە باشترین شێوە، ئەم ڕێبەرەتان دەخەینە بەردەست بەهیوای سودلێوەرگرتنی:

1. دایەنگە: ئەو دامەزراوەیەیە کە ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەیەکی سروشتیو دروست بۆ منداڵەکانتان دەڕەخسێنێت، هەروەها ئاکارو بیرکردنەوەو نەریتو ڕەفتاری باش فێری منداڵەکانتان دەکات لە ڕێگەی پرۆگرامی پەروەردەییو کۆمەڵایەتی گونجاوەوە لە بواری ڕۆشنبیرییو تەرفیهیو کات بەسەربردندا.

2ـ دایەنگەکان، بە حکومیو ناحکومییەوە، لەلایەن بەشی دایەنگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە لە پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی لیژنەی پسپۆڕو شارەزاوە ئاراستە دەکرێنو ڕێنمایی پێویستیان پێدەدرێتو چاودێری دەکرێن.

3ـ نرخی لەخۆگرتنی منداڵ لە دایەنگە حکومییەکان تەنها (25,000 ـ بیستو پێنج هەزار دینار)ە بۆ مانگێک، لە دایەنگە ناحکومییەکانیش بە فەرمانێک نرخەکان دیاریکراونو پێویستە تۆی بەڕێز ئاگاداری نرخی دیاریکراوی دایەنگەکەت بیت.

4. بە هیچ جۆرێک پێدانی هیچ بڕە پارەیەک بە هەر ناونیشانێک ڕێگە پێدراو نییەو بڕی پارەی مانگانەش لە ڕێگەی وەسڵو ڕێکاریی فەرمییەوەیەو پێویستە لەوە دڵنیابیت لە بەرانبەر پارەی مانگانە پسوڵەی وەرگرتنی پارە لە دایەنگە وەربگریت.

5ـ تۆی بەڕێز دەتوانیت سەردانی بەشی یاساو ڕێنماییەکان لە سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (سۆشیەل سولی ـ www.socialsuli.com) بکەیتو لەوێ سیستەمو ڕێنماییو بڕیارەکانی پەیوەست بە دایەنگە بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی شارەزابیت بە ئەرکو چالاکییەکانی دایەنگە.

6. لە کاتی ڕوودانی هەر کەمو کورتییەک کە نەتوانرا لەگەڵ بەڕێوەبەری دایەنگەو توێژەری دایەنگە چارەسەر بکرێت، یان هەر زانیارییو گازندەو سکاڵایەک لەسەر دایەنگە بەم ناونیشانانە دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت:

أ ـ ڕاستەوخۆ سەردانی بەشی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی: سلێمانی/ گردی جۆگە، خوار ئامادەیی هەڵکەوتی کوران یان دوو کۆڵان پشت پارکی دایک.

ب ـ ژمارە تەلەفوون :

بەدالە: 053,3230318، 053,3230319
ڕاستەوخۆ بەشی دایەنگەکان: 053,3232390
نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی: 053,3230237
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری هونەری: 053,3230527
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی: 053,3200016
بەشی یاسا: 053,3230314

ج ـ ناونیشانمان لە ئینتەرنێت.(www.socialsuli.com) ، ناونیشانمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک: @socialsuli .

د ـ پۆستی ئەلیکترۆنی: بەشی پلانو بەدواداچوو: (amar-plan@hotmail.com) .

هـ ـ کاتەکانی سەردانو پەیوەندی: ڕۆژانی (یەکشەممە، دوو شەممە، سێ شەممە، چوارشەممە)، سەعات 8.30 – 1.00 ی پاشنیوەڕۆ.

**تێبینی: ئەم ڕێبەرە لەلایەن دایەنگە حکومیو ناحکومییەکانەوە دەدرێتە دایکانو باوکانی منداڵانی دایەنگە.**

## لەگەڵ هیوای سەرکەوتنو ئایندەیەکی ڕوون بۆ منداڵەکانتان